## نێچیرڤان بارزانی لەسەر بانگهێشتی فەرمیی محەممەد بن زاید سەرۆکی ئیمارات دەگاتە دوبەی



ئەمڕۆ پێنجشەممە (30ـی تشرینی دووەمی 2023)، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی محەممەد بن زاید ئال نەهیان سەرۆکی ئیمارات، دەگاتە دوبەی.

ئەم سەردانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەشداریکردنە لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ گۆڕانی کەشوهەوا (COP28) کە سبەی هەینی هاوکات لەگەڵ ڕۆژی نیشتمانیی ئیماراتدا بە ئامادەبوون و بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی جیهان لە شاری ئێکسپۆ دوبەی ئەنجام دەدرێت.

وڵاتی ئیمارات سەرۆکایەتیی ئەم گەڕەی کۆنفرانسەکە دەکات و پرسەکانی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکانی و ڕۆڵی وڵاتان لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانیدا، تاوتوێ دەکات.